# مێژووی ئوروپای ناوەراست

مامۆستای بابەت: پ.ی.د. هلز عنتر ولی
قوناغی دووەم / کورسی دووەم
وانەی یەکەم

## وانەی یەکەم

## سنــووری رۆژگاری ســـــەردەمـــــەکانی ناوەڕاست(الحدود الزمنیه للعصور الوسطی)

بەشی یەکەم: سەرەتای سەردەمەکانی ناوەڕاست (سەدەکانی ناوەڕاست):

بەشی دووەم: کۆتایی سەردەمەکانی ناوەڕاست.

## بەشی یەکەم: سەرەتای سەردەمەکانی ناوەڕاست (سەدەکانی ناوەڕاست):

**لێرەدا هەوڵ دەدەین دیارترینی ئەو تیۆرانە بخەینەڕوو کە تاووتوێی سەرەتای سەردەمەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا یان کردووە.**

1. **ژمارەیەك لە مێژوونووسان پێیانوایە کە ساڵی 248ز بە سەرەتای سەردەمەکانی ناوەڕاست دادەنرێت، ئەمەش ئەو ساڵەیە کە ئیمپراتۆر دەقلدیانۆس (284-305م) فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیای گرتەدەست، ئەم هەڵبژاردەیەش بۆ چەندین هۆکارو خاڵ دەگەڕێتەوە، لەوانەش: ئەم ئیمپراتۆرە توانی دووبارە بنەما کارگێڕییە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریەتەکە بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕژێمە باوەکانی ئەو سەردەمە ڕێکبخاتەوە، جگە لەوەی شاری ڕۆمای بەجێهێشتو لە شاری نیقۆمیدیای ئاسیای بچووك سەقامگیرو نیشتەجێ بوو.**

**هەروەها دەبینین ئەم ئیمپراتۆرە باوەڕی بە ڕێساکانی موڵکداری ڕۆژهەڵاتیدا هێناو پێیوابوو کە ئیمپراتۆر لە سەرووی ئاستی مرۆڤدایەو لە خوداوەندەوە نزیکە، بۆیە دەبێ گەل کۆیلایەتی بۆ بکەنو بیپەرستن.**

**زێدەباری ئەوەی ئیمپراتۆر دەقلدیانۆس پاڵەپەستۆی خستە سەر ئاینی مەسیحیەتو باوەڕدارانی ئەو ئاینەی چەوساندەوە، بۆیە مەسیحییەکان ناوی ماوەی کۆتایی ئەو دەسەڵاتەیان ناوە سەردەمی شەهیدان (عصر الشهداء)، ئەوەش دوای ئەوەی چەندین بڕیاری ئیمپۆراتۆریانەی دەرکرد کە تیایدا فەرمان بە تێکدانی پەرستگاکان دەکاتو ڕێگە لە نوێژخوێنان دەگرێت، بۆ ئەمەش چەندین ڕێگەو شوێنی جیاواز دەگرێتەبەر بە مەبەستی چەوساندنەوەیان**

2. مێژوونووسانی دیکە وا سەرنجی سەردەمەکانی ناوەڕاست دەدەن، بەوەی لە سەردەمی **ئیمپراتۆر قوستەنتینی** گەورە (305- 337ز)وە دەست پێ دەکات، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو ئاینییە بێئەندازانەی ڕوویانداوە.

دەستپێکیش بە دەرکردنی فەرمانی **میلانی** بەناوبانگ لە ساڵی 313ز، کە تیایدا دانپێدانانی بە ئاینی مەسیحیەت وەکو یەکێك لە ئاینە ڕێگەپێدراوەکان ڕاگەیاند، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە مەسیحییەکان تەواوی ئەو مافانەیان بۆ دەستەبەر دەکرێت کە ئەوانیتر لە ناو ئیمپراتۆریەتەکەدا هەیانە، زێدەباری ئەوەی دەنگۆو چیرۆکی زۆر هەن، گوایە خودی قوستەنتین چۆتە ناو ئاینی نەسرانییەوە، وێڕای جیاوازی لە نێوان مێژوونووسان دەربارەی ڕاستیو دروستی ئەم هەواڵەو کاتو ساتەکەی.

ئیمپراتۆر قوستەنتینی گەورە پایتەختەکەی لە ڕۆماوە گۆڕی بۆ شاری قوستەنتینییە کە خۆی دروستی کرد، سەرباری چاکسازییەکانی لە ڕووی یاسادانانو سەربازیی هەمەجۆرەوە.

3. دەستەیەکی دیکەی مێژوونووسان بە تایبەت ساڵی 330ز دادەنێن بەوەی بۆ دەستپێکی سەردەمەکانی ناوەڕاست بشێت، چونکە لە 11ی ئایار (مای) ئەو ساڵەدا ئیمپراتۆر قوستەنتین شاری قوستەنتینییەی تەواوکردووەو بڕیاری داوە پایتەختەکەی لە ڕۆماوە بگوازنەوە بۆ ئەو شارەو ناوی لێناوە "ڕۆمای نوێ"، کەچی مێژوونووسان هەر ناوی قوستەنتینییەیان لێناوە بە هۆی ناوی خۆیەوە.

4. هـــەندێك لە مێژوونووســـــان دەستپێكی ســــــەردەمەكانی ناوەڕاست بە هاتنی جولیانی هەڵگەڕاوە (جولیان المترد) بۆ دەسەڵات لە ساڵی 361 دادەنێن، ئەو كاتەی هەوڵی گەڕاندنەوەی بتپەرستی وەكو ئاینێكی فەرمی ئیمپراتۆریـــەتـــەكەو ســـــەر لەنوێ پــــەرستگای بتپــــەرستی كردەوەو دووبارە پیاوانی ئاینیی بتپەرستی (الوثنية) بەپێی سیستەمی كارپێكراوی كڵێسەكان دانایەوەو دەستی بە دوورخستنەوەی مەسیحییەكان كرد لە فەرمانگەكانی سوپاو كارگێڕیو كەسانی بتپەرستی لە شوێنیان دادەنا.

كەچی هەوڵەكانی جولیانی هەڵگەڕاوە شكستی خوارد، چونكە تەنها بە مردنی، جارێكی دیكە مەسیحیەت گەڕایەوە شوێنی سرووشتیی خۆی، ئەمەش واتای ئەوەیە كە ئەو ئاینە رەگوڕیشەی پەیوەستە بە دەوڵەتەوە، بە شێوەیەك كە رێگە بە هیچ كەسێك نادرێت هەتا ئەگەر ئیمپراتۆریش بێت بەسەر ئەو ئاینەدا زاڵ بێت.

5. مێژوونووسانی دیکە هەن ساڵی 376ز وەکو دەستپێکی سەردەمەکانی ناوەڕاست دەستنیشان دەکەن، چونکە لەم ساڵەدا خێڵی (قۆت)ی ڕۆژئاوایی(القوط الغربييون) چوونە سەر ئاینزای ئاریۆسیی مەسیحی، ئەوەش لەسەر دەستی موژدەبەخش(المبشر) ئولیفلاس.

بایەخی ئەم مێژووەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گۆتە ڕۆژئاواییەکان چوونە سەر ئاینزای ئاریۆسیو دوای ئەوانیش چەندین ڕەگەزی دیکەی جرمانی وەکو وندال و برجندییەکان و لۆمباردییەکان، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕووداوەکانی سەردەمەکانی ناوەڕاستدا هەبوو.

سەرباری ئەوەی پێشکەشکرا ئیمپراتۆر فالنز لەو ساڵەدا ڕێگەی بە قۆتە ڕۆژئاواییەکاندا لە ڕووباری دانووب بپەڕنەوەو وەکو پەرژینێك سنووری ئیمپراتۆرییەکە لە مەترسییەکانی هۆزەکانی هۆن بپارێزن، ئەمەش بواری دەستپێکی داگیرکاریی بەربەرییەکانی بەرەو ئەورووپا کردەوە.

6. هەندێك مێژوونووسی دیکە پێیانوایە دەکرێ ساڵی 378ز وەکو کۆتایی سەردەمی کۆنو دەستپێکی سەردەمی ناوەڕاست دابنرێت، چونکە لەم ساڵەدا شەڕی ئەدرنە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی فالنزو قۆتە رۆژئاواییەکان بەرپابوو کە توانییان خاکی ئیمپراتۆریەتەکە داگیر بکەن، شەڕەکەش بە سەرکەوتنی تـەواوی گۆتـییەکان تەواو بوو کە تیایدا ئیمپۆراتۆر فاڵنزیان سەربڕی. مێژوونووس جۆن لامۆنس پێیوایە ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وەکو یەکێك لە شەڕە یەکلاییکەرەوەکان لە مێژوودا دانراوە.

7. ژمارەیەکی مێژوونووسی دیکە ساڵی 395ز وەکو دەستپێکی سەردەمەکانی ناوەڕاست دادەنێن، ئەوەش لەبەرئەوەی ئیمپراتۆر تیۆدسیۆس لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی ئیمپراتۆریەتەکەی بۆ دووبەشی جیاواز لە یەکتری دابەش کرد، بەشی رۆژهەڵات کە پایتەختی قوستەنتینییەی تیابوو دایە ئەرکادیۆسی کوڕیو بەشی رۆژئاوایشی کە پایتەختەکەی رۆما بوو بەخشییە کوڕەکەی دیکەی کە ناوی هۆنۆریۆس بوو.

8. لە ساڵی 410ز گۆتە رۆژئاواییەکان بە سەرکردایەتیی ئەلاریك بەرەو ئیتاڵیا هەڵکشاون‌و پایتەختی رۆمایان تالآنکردووە، ئەمەش ژمارەیەك لە مێژوونووسان بە کۆتایی سەردەمی کۆن‌و سەرەتای سەردەمی نویٚ دادەنێن.

9. زۆرێك لە مێژوونووسان ساڵی 476ز بە ساڵی جیاکەرەوەی نێوان سەردەمی کۆن و ناوەڕاست دادەنێن، کە تیایدا جارێکیتر رۆما رووخاو کەوتەوە دەست جرمانییەکان، –ئەمجارەیان بە سەرکردایەتیی سەرکردەیەك بە ناوی ئۆدواکر– هەروەها شاری رافناشیان داگیرکردو ئیمپراتۆر رۆمیلۆس ئۆگستیسیان لادا، بەمەش بەسەر ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژئاوادا زاڵبوون.

10. هەندێکیتر پێیانوایە کە سەردەمی ئیمپراتۆر جستنیانی یەکەم (527– 565ز) ناوبڕو جیاکەرەوەی نێوان سەردەمی کۆن و سەردەمی ناوەڕاستە، چونکە لەو سەردەمەدا یاساگەلێك داڕێژران‌و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژی دوای ئەوە مانەوە، زێدەباری ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی بە ئامانجی گەڕاندنەوەی سەروەت‌و سامانی ئیمپراتۆریەتەکە لە باکووری ئەفریقیاو ئیتاڵیاو ئیسپانیا، ئەم هەوڵانەش دوا هەوڵی بوون بۆ گەڕاندنەوەی ئەو زەوییانە بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، بە تاییبەتی جێنشینەکانیان لە پاراستنی ئەو زەوییانە شکستیان خوارد.

11. ژمارەیەك لە مێژوونووسان تاج لەسەرکردنی **شارلمان** ئیمپراتۆری رۆژئاوا بە سەرەتای سەردەمەکانی ناوەڕاست دادەنێن، واتە ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی کۆن زیندووکرایەوە، خاوەنی ئەم بۆچوونە بیانوویان ئەوەیە کە شارلمان دوا ئیمپراتۆری رۆمان بوو، بە واتا رۆمانییە کۆنەکە، سەرنەکەوتنیشی لە دانەپاڵی بەشی رۆژهەڵات بۆ سەر سەروەتو سامانەکەیو زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی سەر لە نوێ باشترین بەڵگەیە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی جیهانی ئەوروپی و گواستنەوەی بۆ سەردەمێکی نوێ.